السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# با هیچ یەکێکتان تارات نەکات (خۆی پاك نەکاتەوە) بە کەمتر لە سێ بەرد

لە سەلمانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: موشریکەکان پێمانیان ووت: دەبینین هاوەڵەکەتان (مەبەستیان پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-) فێری هەموو شتێکی کردوون تەنانەت چۆنیەتی سەرئاوکردنیش، (سەلمان) ووتی: بەڵێ، «نەهی لێمان کرد: لە تارات کردن بە دەستی ڕاست، ولە ڕوو کردن لە قیبلە (لە کاتی سەرئاوکردن)، ولە (خۆ پاککردنەوە) بە تەپاڵە یان ئێسک، وفەرمووی: «با هیچ یەکێکتان تارات نەکات (خۆی پاك نەکاتەوە) بە کەمتر لە سێ بەرد».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

سەلمان -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: موشریکەکان بە گاڵتەجاریەوە پێمانیان ووت: پێغەمبەرەکەتان ئێوەی فێری هەموو شتێك کردووە، تەنانەت فێری کردوون چۆن میز وپیسی بکەن لەکاتی سەرئاو کردن! سەلمان ووتی: بەڵێ، ئەدەبەکانی سەرئاوکردنی فێرمان کرد؛ ونەهی لێکردین لەوەی پاش تەواوبوونی سەرئاو بە دەستی ڕاست تارات بکەین ئەمیش بۆ ڕێزلێنانی دەستی ڕاست وپاراستنی لە پیسی، یان نەهی لێکردین لەوەی ڕوو بکەینە کەعبە لەکاتی میز یان پیسی کردن، ونەهی کردووە لە خۆپاککردنەوە بە تەپاڵەی ئاژەڵ وپیسی وئێسك، ونابێت کەمتر لە سێ بەرد بەکاربهێنێت بۆ خۆپاککردنەوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10048

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee